## ئـــە نجـــومـــەنـــی دادوەری

**ژمارە : ٢٢٠٠ لە ٢٠١١/١٠/١٩**

پشت بە حوكمەكانی برِگەی شەشەم لە مادده /٣٤ لە یاسای دەسەلاَتی دادوەری هەرێمی كوردستان / عیراق ژمارە (٢٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ ئەنجومەنی دادوەری برِیاریدا بە دەركردنی ئەم پەیرِەوەی خوارەوە :-

### پەیرەو ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١١
### هەمواركردنی پەیرِەوی ناوخۆی ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی كوردستان / عیراق
### ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٨

**مادده (١)** / مادده / ٦ لە فەسلی شەشەم لە پـەیرِەوی نـاوخۆی ئەنجومــەنی دادوەری هەڵدەوەشـێتەوە و ئەمــەی خوارەوە جێگەی دەگرێتەوە :-

**مادده (٦) :**

فەرمانبەرێك بە پلەی بەرِێوەبەری گشتی سەرۆكایەتی دەكات كە برِوانامەی بكالۆریۆسی لە یاسا هەبێت و بەلایەنی كەم پانزە ساڵ خزمەتی هەبێت وە لە سەر پالاَوتنی لە لایەن ئەنجومەنی دادوەریەوە دادەمــەزرێ وە ژمارەیــەك لــە فەرمانبەران یاریدەی دەدەن و رِێكخستنی كاری ئەنجومەن و ئامــادەكردنی بەرنامــە و پوختــەكردنی مەســەلە بــەر چاوخراوەكان و پێرِاگەیاندنی برِیارەكانی و كارە كارگێریەكانی تر دەگرێتە ئەستۆ وە ئەم بەرِێوەبەرایەتیەی خــوارەوە پێوە دەلكێنرێ :-

بەرِێوەبەرایەتی كاروباری دادوەران / فەرمانبەرێك بە پلەی بەرِێوەبەر سەرۆكایەتی دەكات و ژمارەیەك لە فەرمانبەران یاریدەی دەدەن / وە ئەم بەرِێوەبەرایەتیە پێك دێت لەو پێكهاتانەی خوارەوە :-

١- بەشی خۆیەتی دادوەران :-

أ/ هۆبەی خۆیەتی .

ب/ هۆبەی دۆسیەكان .

ج/ هۆبەی كۆمپیوتەر .

د/ هۆبەی شاند و سەفەر بۆ دادوەران .

٢- بەشی پۆلین گۆرِین و پلە بەرزی :-

أ- هۆبەی پلە بەرزی .

ب- هۆبەی پۆلین گۆرِین .

ج/ هۆبەی توێژینەوەكانی یاسایی .

٣- بەشی میلاكات :-

أ/ هۆبەی میلاكات .

ب/ هۆبەی دامەزراندن و كاروباری خانەنشینی .

**مادده** ( ٢ ) / مادده / ٧ لە فەسلی حەوت لە پەیڕەوی ئاماژەپێ كراو هەڵدەوەشێتەوە و ئەمـەی خـوارەوە جێگـەی دەگرێتەوە :-

**مادده** ( ٧ ) :

پێكهێنانی ئەو بەڕێوەبەرایەتیانەی خوارەوە لە ئەنجومەن وە بەسەرۆك وە یاخود بە یەكێ لە جێگرەكانی و یـان بـە دادوەرێك وە یان بە بەڕێوەبەری گشتی نووسینگەی ئەنجومەن دەسپێردرێت پاش پێدانی دەسەڵات لە لایەن سەرۆكی ئەنجومەنی دادوەریەوە :-

**یەكەم** : بەڕێوەبەرایەتی نووسینگەی سەرۆكی ئەنجومەن / فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەر سەرۆكایەتی دەكات كە بڕوانامەی بكالۆریۆسی هەبێت لە یاسا و ژمارەیەك لە فەرمانبەران یاریدەی دەدەن وە بەشی خامەی نهێنی سەر بەم بەڕێوەبەرایەتیە دەبێت .

**دووەم** / بەڕێوەبەرایەتی كاروباری فەرمانبەران .

١- بەشی كاروباری فەرمانبەران :-

أ- هۆبەی خۆیەتی فەرمانبەران .

ب- هۆبەی دۆسیەكان .

ج- هۆبەی چاپ .

د- هۆبەی دەرچوو و هاتوو .

٢- بەشی میلاكات :-

أ- هۆبەی دامەزراندن .

ب- هۆبەی خانەنشین .

٣- بەشی پلە بەرزی :-

أ/ هۆبەی پلە بەرزی .

ب/ هۆبەی هەژماركردنی خزمەت .

**سێیەم** / بەڕێوەبەرایەتی کاروباری کارگێڕی :-

١- هۆبەی کارگێری .

٢- هۆبەی کۆگا .

٣- هۆبەی هونەری .

٤- هۆبەی چاککردنەوە .

٥- هۆبەی پرسگە .

**چوارەم** / بەڕێوەبەرایەتی مەڵبەندی ڕاگەیاندن – وەپێك دێت لە :-

١- هۆبەی ڕاگەیاندن .

٢- هۆبەی گۆڤار .

٣- هۆبەی کتێبخانە .

٤- هۆبەی IT .

**پێنجەم** / بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندییەکان و کاروباری یاسایی – وەپێك دێت لە :-

١- هۆبەی لێژنەی تەنسیق لەگەڵ ئەنجومەنی دادوەری باڵا .

٢- هۆبەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی هەرێم .

٣- هۆبەی پەیوەندییەکانی ناوەوەی هەرێم .

٤- هۆبەی وەرگێران .

٥- هۆبەی کاروباری یاسایی .

**شەشەم** / بەڕێوەبەرایەتی کاروباری دارایی – وەپێك دێت لە :-

١- هۆبەی ژمێریاری .

٢- هۆبەی مووچە .

٣- هۆبەی بودجە .

٤- هۆبەی خانەنشین .

٥- هۆبەی خەرجیەکان .

٦- هۆبەی بەدواداچوون .

٧- هۆبەی چاپ .

**حەوتەم** / بەڕێوەبەرایەتی کاروباری ووردبینی – وە پێك دێت لە :-

١- هۆبەی ووردبینی .

٢- هۆبەی دەستەی ووردبینی .

**هەشتەم** / بەڕێوەبەرایەتی پلان و ئامار – وە پێك دێت لە :-

١- هۆبەی پلان .

٢- هۆبەی ئامار .

٣- هۆبەی پرۆژەکان .

**مادده** ( ٣ ) / ئەم پەیڕەوە جێ بە جێ دەکرێت لە ڕێکەوتی بڕیاردان لەسەری لــە لایــەن ئەنجومــەنی دادوەریــەوە لــە ٢٠١١/٩/١٣ وەبڵاودەکرێتەوە لە ڕۆژنامەی (وقایعی کوردستان) .

**أحمد عبدالله زبير**

**سەرۆکی ئە نجومەنی دادوەری**